## کورتە وەڵامێک بۆ نوسەری شەقشەقە. ... دیاکۆ چاڵە ڕەشی

کاك جەزا چنگیانی نوسەری بابەتی شەقشەقەکەی مام جەلال. وەك پی دەچێت لەبواری ڕۆژنامەوانی کار دەکات و بە نوسینەکانیشی بەدەر دەکەوێت وا خۆی لە قەڵەم دەدات کە خۆی بە دڵسۆزی میلەتی کورد دەزانێت، من قسەم لەو ناو وناتۆرانە نییە کە دەیداتە پاڵ سەرکردەکان بە تایبەت دەیەوێت بە گژ مام جەلالدا بچێتەوە، ئەوەیان مافی خۆیەتی و ئازادە چۆن بیر دەکاتەوە، مام جەلالیش پێویستی بە بەرگری کەس نییە، بەڵام ئەوەی ناتوانین لی ی بێدەنگ بین ئەوەیە کە لە نوسینەکەیدا هاتووە (کە خەڵکی کوردستانی باشور هەمووی گەوجە) تکایە بنۆڕنە نوسینەکەی ڕۆژی 2005/09/22 لە لاپەڕەی کوردستان نێت.

من دکتۆری دەرونی نیم بەڵام ئەوانەی کاکی نوسەرلە نزیکەوە دەناسن، دەڵێن توشی کێشەیەکی دەرونی بووە لە ئەنجامی ئەوەی کەسێکی نزیکی خیانەتی لی کردووە، ئێستا وا دەزانی هەموو خەڵکی کوردستانی باشور بە ئەندازەی ئەو کەسە خیانەت کارن، بۆیە لە زۆربەی نوسینەکانیدا خەڵکی کوردستان بە گەوج و نەزان و ئەو جۆرە قسانە دەداتە قەڵەم و پەلاماری بەرز ترین لوتکە دەدات، پەندێکی کوردی خۆماڵی هەیە کە دەڵێت (بە شیری گەرم دەمی سوتاوە بەڵام فوو لە دۆ ی سارد دەکات) .

گەر بە وردی سەرنجی نوسینەکانی کاکی نوسەر بدەین هیچی کەمتر نییە لە نوسینی عارەبە ناسیۆنالیست و تورکە شۆڤینیستەکان، کە لە نوسینەکانیان دەیانەوێت خەڵکی هەرێمی کوردستان بێ ئومێد بکەن و هەمیشە لە نوسینەکانیان لێکدانەوەی بەچۆکدا هێنان و دوودڵی و دڵە ڕاوکیی دەنوسن تا خەڵك والی بکەن متمانە بەسەرکردایەتی سیاسی کورد نەهێنن. ، گەر کەسێك بەووردی خاڵی هاوبەشیان لێك بداتەوە ئەکەوێتە شکەوە کە ئەم ماستە بی موو نیە.

گەر ئێمە وەك خەڵکی هەرێمی کوردستان گەوج بین با کاکی نوسەر بفەرموێت ئەڵتەرناتیڤێك و پرۆژەیکی ڕاست و دروست بخاتە بەر دەست تا لە شەقشەقەکەی مام جەلال زیاتر زیاتر خەڵك ژێر بکاتەوە،

لە مێژە وتراوە سیاسەت هونەرە، هونەری ئەو کارانەیە کە ئەتوانی بیکەیت و بەجێیان بهێنی ئەمرۆ لە کوردستاندا ئەوەی سیاسەتی کردووە هەر ئەوەندەی پی کراوە کە ئێستا بەدیهێناوە، خۆ گەر لەوە باشتر بەدی بێت ڕەنگە کەس لاری لی نەبێت، من پێشم وایە لە هەرێمی کوردستان بە هونەریانە کار بۆ سیاسەت کراوە، دەنا ئێستا یا وەك فەلەستینیەکان کەس نەیدەوێرا خۆی دەربخات و دەبێت قیناعی لەسەر دا بێت تا نەناسرێت، یالە کونجی زیندانێك ژیان بەر بەسەر بەرینو سیاسەت، جا بەپێی وتەکە کام لا هونەری یانە سیاسەتی کردوە هەرێمی کوردستان یا. . . . . .